# تاك و خاك و سەربەخۆیی!

**بەختیار مام حەمید**

**(نیشتمانی سەربەخۆ تەنیا بە تاكی سەربەخۆ ئاوا دەكریێت)**

میللەتی كورد،ئەو گەلەیە كەتاك (فەرد)ەكانی ٦٠ میلۆن پترەو یەكێك لە كۆنترین گەلەكانی رۆژهەلاتی نێوەراست یان راستتر بێژم هەر خۆی كۆنترین گەلی رۆژهەلاتی ناوەراستەو خاكەكەی (كوردستان) هەندێك بە یەكەم لانكە(بێشكە،دایەنگە)ی مرۆڤایەتی و هەندێكیش بە دووەم لانكەی مرۆڤایەتیی دەناسێنن لەسەردەمی زریانی مەزنی نوح(نوە)،هەر ئەم گەلە خاوەنی مرۆڤە ژیرە سەرەتاییەكان و خاوەنی كشتوكاڵ و گەلمیریی و سیستەمی دەستەجەمی (هەرەوەزی) و یەكسانی و پێشەنگایەتی ژنە بە نوێنەرایەتی و رابەرایەتی (دایك) واتە دایكسالاری..هەروەها بە گەواهی و شایەتی شوینەوارەكان هەر ئەم گەلی كوردە خاوەنی دیرۆكیترین و كەونترین شارە لە رووی ژیاری و شارستانیەتەوە كە ئەویش باژێری (ئاربیل،ئار+بیل،هەولێر)ە،پاشان خودانی لە مێژینەترین ئاواز (ئاڤاز)ە كە (هۆرە،هوورە،هۆرا) یە بەلاَم بۆ ئەمە بە نەگبەتی و كلۆلی كوردو سوتان و دزرانی هەموو سەرچاوەكان لە لایەن داگیركەرانەوە، كەمترین بەڵگەو سەلمێنەر هەیە،لەتەك هەموو ئەمانەشدا ئەم گەلە بێ پێگەیە خاوەنی روونترین و كۆنترین پەیامی ئاشتییە هەر لە نوح(كوردە=كورِی دەیەم) و ئیبراهیم(ئەبرهام،ئەپرام) و زەردەشت (زەردە+ئەشت)ەوە (س.خ) بگرە تا ئێستاش ئەم پەیامی ئاشتی و پێكەوەژیانە بەردەوامە،كەچی تا ئێستاش ئەم گەلە خاوەن دیرۆكە خاوەنی پێگە یا ن سەربەخۆیی نیە،ئەم گەلە چەند جارێك لە لایەن زلهێزانی جیهانەوە داگیركراوەو دابەشكراوەو خاكەكەی كاول و وێرانكراوە،بەلاَم دواترینیان لە ساڵی ١٩٢١بوو كە دابەشكرا بەسەر ٣ دەوڵەتی ئێراق،ئێران،توركیاداو دواتریش بەشی رۆژئاوا كە لە ژێردەستی فەرەنسادا بوو درایە سوریا،دوای ئەمەش بەشێكی كەوتە ژێر دەستی ئەرمەنسان و ئازەربایجان بەم جۆرەش كوردستان، دابەشەكراوە بەسەر (٦) دەوڵەتی داگیركاردا ئەوانیش (توركیا،سوریا،ئێراق،ئێران،ئەرمەنستان،ئازەربایجان)ن،ئەمە جگە لە پەرتبوون و ئاوارەبوون بۆ ولاَتانی (سودان،میسر،ئیسرائیل،فەلەستین،پاكستان،ئەفگانستان،ئوردون،گورجستان،لیبیا،رووسیا و هتد..) لە زۆر سەردەم و هەر جارەو لە پارچەیەكی كوردستانی مەزن باسی بابەتی سەربەخۆیی سنوورو نیشتمان و پێگەی نەتەوەیی كراوە،كۆشش و هەوڵەیلی زۆر هەبووە بۆ سەربەخۆیی،سەرهەڵدان و شۆرشی كوردانە بێوچان بەردەوامیی هەبووە بۆ سەربەخۆیی،لە هەر گەلێك پتر قوربانیی دراوە،خەباتی فەرهەنگیی و ناسنامەیی هەبووە، وەلێ تا ئێستا(نها،هەنوكە) بە شێوازێكی

دروست و تەواو یان ڕێك و پێك و پڕ(کامڵ) ئەم پرس و دۆزە یان ئەم باسە نەگەشتوەتە بنبەست و ئەنجامگیر نەبووە واتە سەربەخۆیی زووان،ناسنامە،فەرهەنگ،سنوور،نیشتمان تەواو نەهاتوەتە دی!،ئەوەی دەبێت بۆی بڕوانین لە باشوری کوردستان هەرچەندە تا ئاستێك وابەستەی ئێراقە بەڵام نیمچە ئازادییەك هەیەو شایەنی لەسەر ڕاوەستان و گفتوگۆیە،وەلێ هێمانێکە(هێشتا) دەنگ و ڕەنگی سەربەخۆیی لەم پارچەش نابیستریێت و نابینریێت،

لەم ماوەدا جارێکی تر باسی بابەتی سەربەخۆیی کوردستانی مەزن و بە تایبەت (باشور) هاتەوە ڕۆژەڤ و کەموکورتو لەملاو ئەولا لەسەری دەبێژرێت،دەنوسرێت،قسەدەکرێت،تا ئاستێکی کەم لە ڕۆژەڤدایە،ئەمە شتێکی زۆر باشەو هیواو هومێدێکە بۆ وشیاریی و ئاگاهی نەتەوەیی کوردانە،بەڵام ئێمە لێرەدا باسی شتێك یان بابەتێك دەکەین کە بەڕاستی پێویستە هەموو هێزە کوردییەکان و هەموو سازی و ڕێکخراوەکانی کوردستانی مەزن پێش بیر(ویر)کردنەوە لە سەربەخۆیی کوردستان بیر لەمە بکەنەوەو بەرنامەی ئامانجدارو ئەنجامگیری بۆ دانێن، ئامادەکاریی بۆ بکەن و کاری لەسەر بکەن،دەتوانین وەك پێشینەترین هەنگاوی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی نیشتمان ئەژماری بکەین،ئەویش (سەربەخۆیی یان سەربەستی یان ئازادیی تاکی کوردە) سەبەخۆیی بە تەواوی مانا واتە ڕزگاربوون لە گشت کۆت و بەندەکان و لەسەر پێی خۆڕاوەستان،بەجێهێشتنی هەموو جۆرە کۆیلایەتییەکانی مرۆڤکردە،سەبەخۆیی بە واتای خۆدەربازکردن لە گرد وەهم و شەڕەکانی دەسەڵاتی تاکسالاری،سەربەخۆیی بە واتای سالارکردنی تاك لە خودی خۆداو بە ناوەندکردنی ئەقڵ و بیر لە کارو کردەوەدا.

ئەگەر ئەم کارە(کارکردن بۆ سەربەخۆکردنی تاك،یان سەربەخۆبوونی تاکی کورد) بە بەرنامەو پەروەردەی نەتەوەیی و بە شێوازی دروست لە کوردستان بە گشتی و لە باشور بە تایبەت بە ڕێوە ببرێت،ئەگەر تاك ئاشنا بکرێت بە چەمکی سەربەخۆیی،بێگومان بەرو بەرهەمێکی فرە باشی لە کەسانی کامڵ و پێگەیشتوو،وریاو نەتەوەپەروەرو سەربەخۆخوازو فەرهەنگپارێزی لێ حاسڵ دەبێت و دواتر زۆر بە ئاسانی و خۆ بەخۆ ئەو تاکە سەربەخۆیە بیر لە سەربەخۆیی کۆمەڵگاو پاشان سەربەخۆیی وەڵات دەکاتەوە،ئەو دەمە وەڵات (کوردستان) سەربەخۆ دەبێت،

چونکە ئەکەر تاکی کورد فێری سەربەخۆیی بکرێت و لە دۆزو پرسە سەرەکییەکانی خۆی وەکو تاك ئاگادار بکرێت و فامدار بکرێت،هەروەها هەموو بابەتە هەنوکەیی،داهاتوویی،بنەڕەتیی نەتەوەکەی بە شێوازی پەروەردەو هەر لە ماڵ و باخچەی ساوایان و خوێندنگە تا کۆتایی تەمەنی بۆ شیبکرێتەوەو لە کۆی بابەتەکە پوختەیەك بکرێتە بەری،دیسان ئەو کات وەڵات بێ ئەوەی ئێمە هەست بکەین سەربەخۆ و ڕزگارو سەربەست بووە،ئەگەر تاکی کورد دابماڵرێ لە ئالودەبوونی وابەستەیی بۆ مۆدێل،سێکس،وەرزش،خواردن،پارە،ئۆتۆبێل،خەوتن،تی ڤی و هتد..ئەگەر تاك ڕزگاربکرێت لە بەکرێگیراویی بۆ ئەمریکاو ئەوروپاو داگیرکارانی کوردستان و فێری وڵاتپارێزیی و خۆسەریی

بکریَت،ئەو کات کوردستان سەربەخۆ بووەو تاکەکانیشی ئیدی بێجگە لە هەڵگری ناسنامەی (کورد،کوردستانی) شتێکی تر نین،ئەو وەختە تاکی ئێمە شانازیی بە خاکی کوردی، زووانی کوردی،ناسنامەی کوردی،فەرهەنگی کوردی،بەرگی کوردی،مێژووی کوردی،داب و نەریتی کوردی،فەلسەفەی کوردی،جوگرافیای کوردی،ڕاستینەی کوردییەوە دەکات،دەبێت و پێویستە تاکی کۆمەڵگای کورد لە ژێر کاریگەریی بێگانە دەربهێندرێت و پاشان باسی سەربەخۆیی لۆ بکرێت،

ئەگەر بێتۆ ئەو بەرنامانەی ئاماژەمان پێدا جێبەجێ نەکرێت و ڕاستەوخۆو بێ ئامادەکاریی باسی سەربەخۆیی وەڵات و دیاریکردنی سنوور بکرێت،دواجار ڕەنگە کارەساتی ناوخۆیی و نەخوازراوی لێبکەوێتەوە،ڕەنگە تاکە ناسەربەخۆکانی کۆمەڵگا بە جۆرێك لە جۆرەکان ببنە داردەست یان بەکرێگیراوی داگیرکەران،چونکە وەڵات سەربەخۆیە لە کاتێکدایە زۆربەی تاکەکان یان سەربەخۆ نین یان لە واتای سەربەخۆیی و بەرپرسیارێتی تێنەگەیشتون،وەڵات سەربەخۆ بێت و ناوەخنی وەڵات یان کاکڵی وەڵات کە تاکەکانە سەربەخۆ نەبن چ واتایەکی هەس؟ئەگەر تاکەکانی کورد لە ڕاستینەی سەربەخۆیی تێنەگەن ئەوا لە یەکێتیی نەتەوەییش تێناگەن،کەڵەکەبوونی تاکی ناسەربەخۆ وەڵات دووچاری قەیرانی سیاسی،ئابوری،کۆمەڵایەتی،فەرهەنگی و ژینگەیی و هەتا حوکمڕانیی دەکات، هیچ هەنگاوێکی باش وەپێش ناچێت،

هەر بۆیە زۆر پێویستە کە تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی بە شێوەیەکی خێراو پێشکەوتوو پەروەردە بکرێن لەسەر چۆنێتیی سەربەخۆبوون و هەروەها لەتەك ئەوەشدا چۆنێتیی پێشخستنی سەربەخۆیی و گەشەپێکردنی و فراوانکردنی زانیارییەکانی پەیوەندیدار بەو بابەتەوە،دەبێت خوێندنگەی نەتەوەیی و پەروەردەی پێشبخرێن،لەم بوارەدا ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاوی هەیەو پێویستە بە ڕوونی لەسەر چەمکی (سەربەخۆیی تاك) و (سەربەخۆیی خاك) ڕاوەستن،هەڵوەستە بکەن،قسەو گفتوگۆ بکەن،تەوەری فراوانی لەسەر پێشکەشبکەن،کەسەیلی شارەزاو بە توانا بدوێنن لەو بارەوە،دەبێت لە یادمان نەچێت کە خودی تاك خۆشی جێگەیەکی دیارو بەرچاوی لەم باسەدا هەیە،ئەویش گەڕان و وردبوونەوەو شرۆڤەو لێکدانەوەی باس و بابەتەکانی پەیوەند بە سەربەخۆییەوەیە،

ماوەتەوە بێژم ئەم بابەتەو باسە زۆر لەمە پترو پڕتر هەڵدەگرێت و پێویستە بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و بە ڕەچاوکردنی دۆخی نیشتمان و هەست و بیرکردنەوەی تاکەکانی کورد لەسەری بنوسرێت و زۆر بە جدی و دڵسۆزییەوە لەسەری ڕاوەستین یان گرنگیی پێبدەین،بەڵام ئەوەی لای ئەز گرنگە هوروژاندن و تەقاندنەوەی بابەتەکەو گەیاندنی پەیامەکەیە، ئەویش ئەوەیە (سەربەخۆبوون و چاوکردنەوەی تاکی کورد،لە پێش سەربەخۆبوونی خاکی کوردەوەیە) واتە بەر لەوەی کوردستانمان سەربەخۆ بکەین یان هەنگاو بۆ سەربەخۆبوونی بنێین با خۆمان سەربەخۆو بەکاریگەر بکەین،ئەمە ناکاتە ئەوەی کە بابەتی سەربەخۆیی کوردستان و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کەمبایەخ تەماشا

بکەین و بە کارێکی باشی نەژمێرین،نەخێر بە پێچەوانەوە ئەوە کارێکی زۆر پیرۆزو ئەرکێکی نەتەوەیی و ئەخلاقییە،بەڵام دروستکردنی خانویەکی زۆر خۆش و گەورە ئەگەر ماڵێك یان ماڵباتێکی تێنەچێت ئەوە بێگومان بێسودو بێکەڵکە، دەبێت ئەوەش بزانین زۆرێك لەو کەسانەی باسی سەربەخۆیی وڵات دەکەن ئەوەش نیشان دەکەن کە پێویستە وەڵاتی سەربەخۆ تاکەکانیشی بە وریاییەوە سەربەخۆ بن و لە ژێر فەرمانی هیچ کەسی دیکەی غەیرە کورددا نەبن و بە واتای وشە (سەر بە خۆوە بن(!،.

تێبینی ئەم بابەتە لە ژمارە ٢ی گۆڤاری تاگ بلاوبوەتەوە